## كوردانى هەندەران لە نێوان قەيران و چارە سەر كردندا! ... (بەشى چوارەم) ... هوشيار عوسمان

ژیانی هەندەران تایبەتمەندی خۆی هەیە، هەموو ڕووەکانی ژیان ڕەنگێکی دیکە بە خۆی دەگرێت، لە نیشتماندا خەڵکی گوندو شار یەکتر دەناسن، فەرهەنگ و داب و نەریت وئارەزووەکان نزیکن بەیەک، کەسایەتی تاکەکان ڕەنگدانەوەی ئەو واقعییەتەن کە تێیدا ژیان بە سەر دەبەن. بەڵام لە جیهانی غوربەت دا هەموو کارەکان کاردانەوەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە، لێرەوە تاکی کورد توشی دەیان گۆڕانکاری جەستەیی ودەروونی دەبێت. بابەتەکە ئەوەیە گۆڕان کاری یەکان لە بەرژەوەندی تاکی کورد دایە؟ یان لێرەش بە جۆرێکی تر ڕەگەزو ناسنامەو کەسایەتی دەتوێتەوە!؟..
بۆ بە دوادا چوونی ئەم مەسەلەیە ئەبێت کوردانی هەندەران بکەین بە چەند بەشێکەوە، ئەوانەی پێش هەشتاکان کۆچیان کردوەو ئەوانەی دوای هەشتاکان و دواتریش دوای ڕاپەڕین تا دەگاتە ئەمڕۆ.
شتێکی ئاشکرایە هەموو کۆچەکان بۆ ڕزگاربوون لە ستەم و دیکتاتۆری یەت بووە، بەڵام ئەوەش لە یاد نەکەین ئاوات و ئامانجەکان و ژیانی گشتی دوای کۆچی ئەم بەشانە لێک جیاوازن، تێڕوانین و هەستی نەتەوەیی، ئاستی ڕۆشنبیری و سیاسی و کۆمە لایەتی، شیرازەی خێزان و پەیوەندی ئەندامانی خێزان، کارو پیشە و ڕادەی خوێندن و پلەی زانکۆیی، تواندنەوەیان لە ناو کۆمەڵگای بیانی دا و...
کەواتە ناتوانین و ڕەوا نی یە هەموو کوردان بە یەک چاو سەیر بکەین و هەموو بە یەک ترازوو پێوانە بکەین. لێرەدا هەموو بە یەک چاو سەیر دەکەین لەوەی کوردن، هەڵهاتووی دەستی داگیرکەرن، لەمەولا پێویستیان بە دەسەڵاتی کوردی هەیە، تا لە داخوازیەکانیان گوێ بگرێت، ئەوەی پێویستی بە هاوکاری و یارمەتی هەیە با، باری شانی سووک بکرێت و ئەوەی توانیویەتی خۆی پێ بگەیەنێت با باوەشی گەرمی بۆ بکرێتەوە و لە بواری پسپۆڕی خۆیدا خزمەت بکات، هەروەها هەوڵ بدرێت منداڵەکان پەروەردەیەکی کوردانە بە میتۆدی زانستی بەخێو بکرێن.
زۆرن ئەوانەی ئامانجی بەرزیان پێکاوە و ئەمڕۆ بوونەتە شانازی بۆ ئەو وولاتەی تێیدا نیشتەجێ بوون، بەڵام تاکو ئەمڕۆ لایان لێ نەکراوەتەوە، چونکە حیزبی نین یا کەس و کاری بەرپرسان نین. ! لێرەوە قەیرانی ناو دام و دەزگای کوردیش دێتە ڕوو، !
ڕێژەیەکی لە بەرچاویش لە زیندان و دادگاکاندا تەمەنی غوربەتیان سەرف دەکەن، کە جێ ی داخە تا وەکو ئەمڕۆ پشت گوێ خراون، چونکە ئەوانەی دەسەڵاتیان هەیە و ئەبێت لە بوارەدا ڕۆڵ ببینن، تەقەی سەریان دێت و هەموو قەیرانێک لە ناو گیرفاندا دەبینن. !
ژمارەیەکی تر لە کوردبوون خۆیان شۆردوەتەوە و بە مادده سرکەرو بێهۆشی یەکان دەچنە ناو ئەو ژیانەی کە هەموو ئادەمیزاد نەفرەتی لێ ئەکات. یان بە قومار کردن و کاری مافیایی شەو، ڕۆژ دەکەنەوە، ئەمانەش کوڕی ئەوانەن کە دوێنێ لە ترسی ئەنفال کردن و مەرگی بە کۆمەڵ، خۆیان دایە دەست قەدەر و قاچاغ چییەکان، تاوەکو ڕزگاریان بێت لە شاڵاوە مەرگ هێنەرەکان، کەچی لە مەنفا بە پارەی خۆیان و دەستی خۆیان منداڵەکانیان و نەوەی دوای خۆیان پاکتاو کرد!... دەسەڵاتی کوردی لێرەدا چۆن پاساو دەهێنێتەوە بۆ بێدەنگی و نەبوونی چالاکیان؟!.
ئەوانەی دەرەوە بەشێکن لە خزم و کەس و بنەماڵەی ئەو شەهیدانەی کە دوێنێ گیانیان بە خشی بۆ ڕزگاری و سەرفرازی، کەچی ئەمڕۆ بەرهەمەکەی بە ڕابواردنی سفرەی شەوانی هەندێک لێپرسراو خەرج دەبێت و لەولایشەوە گەنجەکانمان لە ناوەندی پێشکەوتن و شارستانی یە تی ئەوروپادا لە زەلکاوی ڕەوشت نزمی و پووچیدا ڕۆژانی تەمەنیان بە سەر دەبەن!...
بە ڕای ئێوە ئەمە قەیران نەبێت.. چی قەیرانە؟؟!!...

hushyarosman@yahoo .de